# 4/14
# ڕۆژی تووڕەیی ویادگاریە خوێن لێ ڕژاوەکان

**خاوەنی (387) کەسی ئەنفالکراو** " ئەوەی قسە لە ئەنفال دەکات دەبێت لەناو ئێمەدا بێت و ئەم تەپوتۆز و ژەهرەی بە گەرروودا بچێت "

**ڕاپۆرتی بێستون ژاڵەیی**



**ژیان لە سێبەری مەرگدا**

"دەسەڵات دارانی ئێرە هەرزوو کەوتوونەتە خۆ ،جاچ لەڕێگەی ئەو بەڵێنە ڕووتانەوە بێت کە چواردە ساڵە بە خەڵکی کوردستان وکەسوکاری ئەنفالەکان ئەیدەن یا لەڕێی ترساندن وهەڕەشەوە کەبۆ ئەمەیان بەڵگەم لایە " ڕێبین تەهای وتەبێژی کۆمەڵەی بە مەدەنی کردنی گەرمیان وای وت، کە گروپەکەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەی (7)ی سێپتەمبەری کەلاری کردبوو.

نەدیم ساڵح توێژەری کۆمەڵایەتی لەو بارەیەوە بڕوای وایە "دەسەڵات بەردەوام شێوازی خۆی لە مامەڵە لەگەڵ نارەزایەتی خەڵك بەتایبەت گەنجاندا دەگۆڕێت و دەیان ڕاوێژکاری تایبەت ڕێنمایی بەمەبەستی خواردنەوەی ڕق وتووڕەیی خەڵك و کۆنترۆڵکردنیان ئەدەنە حکومەت ".

ئاری عەلی گەنجی خوێندکار گومان دەکات کە "دەسەڵات بەخشکەیی خۆی خزاندۆتە ریزی گەنجە ناڕازیەکانەوە لەگەرمیان وخەریکە ئومێدێك نەمێنێتەوە ".

سروە بابەعەلی یەکەم بەڕێوەبەر ناحیەی ژن لەگەرمیان کە دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانیە و لەنووسینگە پۆشتە ڕێکوپێکەکەی لەکۆمەڵگەی فەرمانگەکانی ناحیەی ئەنفالاوی رزگاری بینیمان تەئکید دەکاتەوە کەلەسنووری دەسەڵاتی ئەودا "مافی نارەزایەتی وخۆپیشاندان پارێزراوە و هەرکەس ودەستەیەك داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان بکات خۆم بەپۆلیس وئاسایش دەشیپارێزم " بەڵام سروە تەئکید دەکاتەوە "تائێستا کەس نەهاتووە داوای مۆڵەتی ڕێپێوان بکات " دوای دەرچوون لەنوسینگەی بەڕێوەبەری ناحیە، لڤین گروپێك لەوگەنجانەی بینی کەدەستەیەکیان پێکهێناوە و یاداشتێکیان بە داخوازییەکانیان لەرۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە ، بەشێك لەوان ئەوەیان نەشاردەوە کەلەریزی حیزبی حاکم و ڕێکخراوەکاندان بەڵام تەئکیدیان کردەوە "کەس بەکارمان ناهێنێت و فەوزاشمان ناوێت ، داخوازییەکانیشمان دیارو ئاشکرایە ". ئێستا لەناحیەی رزگاریدا وەك گەنجێکی ئەوێ وتی (لەئۆردوگای ئەنفال) دا خەریکە مەسەلەی مەرجەعیەت و نوێنەرایەتی سەرهەڵئەدا



# کەلاوەکان بۆ ئێمە ، قەسرەکان پێشکەش بە خۆتان

هەر بۆیە گەنجەکان وتیان "ئەوەی قسە لە موسیبەتەکانی ئەنفال و ئێرە ئەکات وخۆی لێ بەساحێب دەکا دەبێ لەناوئێمەدا بێ و ئەم تەپ وتۆزو ژەهرەی بەگەرودا بچێت".

جەمال جەلال جەوهەر کەپێنج کەس لەخێزانەکەی ئەنفالە لەماڵی یەکێك لە دووژنەکەیدا کەدوای ئەنفال هێناویەتی پێشوازی لێکردین "387 کەس لەخزمانم ئەنفالە ، نوێنەرایەتی ئەنفال دەبێ ئێمە بیکەین ".

جەمال کەزۆر پێی خۆشە وەك نوێنەری ئەنفال ناوی ببرێت وتی"گەورەترین موشکیلەی ئێمە ئەوەیە ئەوانەی نوێنەرایەتیمان دەکەن لەکێشەو گرفتەکانمان نازانن" صمود لەناو ئەم خەمانەدا هەر وێرانەیە ، پڕە لەکولانەی وەك ماڵەکەی فەیمە کۆچەری.

(کۆچەری) ژنە پێشمەرگەی دانەبراو کەهەمووتەمەن و گەنجێتی خۆی لەپێشمەرگایەتیدا بەسەر بردووە، لەکولگەیەکی قەبزو خەمناك وداتەپیودا لەگەڵ مانگیایەکدا دەژی کەماڵەکەی ئەگەر ناوێك هەڵبگرێت هەردەبێ پێی بوترێ (ماڵێکی ئەنفالانە)، فەیمە بەنیوە گریانێکەوە هەر ئەوەندەی وت "هەموومەسولەکان هاوڕێی پێشمەرگایەتیمن ،پێیان یەژم خوام داوە گژتانا گیرفانتان قووڵە پڕناوێ" کە دەربارەی داخوازیەکانی خۆی وبنەماڵەکانی ئەنفال پرسیارمان لەفەیمە کۆچەری کرد ئەو کە خۆی بەداکۆکی کارێکی سەرسەختی مافەکانی پاشماوەی قوربانیانی ئە نفال دەزانێت وتی "پێیان بێژە هیچمان نەگەرەکە بەس دز مەکەنە واریسمان".

هەر لە صمودەوە کەئێستا ناوی ناحیەی ڕزگاریە (حاجی جەلال توکنی) خاوەنی پێنج ئەنفالیش وتی "خوایە بۆخاتری گەورەیی خۆت وخۆشەویستی پێغەمبەر هەرکێ تیجارەت بەسەر ئەنفالەوە ئەکات بێحورمەتی دنیاو قیامەتی کەیت ".

ئەمە لەکاتێکدایە کەزۆرێك لە بەرپرسە ناوچەییەکان و تەنانەت ڕۆژنامەنوس و ڕوناکبیرانی نزیکی دەسەلاتیش دەڵێن "ئەوەی پێویستە بۆ بنەماڵەکانی ئەنفال کراوە".

(نەجیبە عەلی ڕەشید ) خاوەنی سێ منداڵ ، کەدەیان کەس لەبنەماڵەی مێردەکەی ئەنفالە وتی "بەخوا شتێکە هەرئەژین ونامرین ئاخر مانگی 250 دیناری سویسری کە تەقاویتی مێردەکەمە منداڵێکی پێ ئەژی ! تائێمەکە خێزانێکی 4 کەسین گوزەرانی پێ بکەین".

ئەم جۆرە پڕ لە نەهامەتییە لەژیان حاڵی (جەیران ڕەشید ئەمین)ی 50 ساڵیش کە لەگەڵ مێردە نەخۆش و پەککەوتووەکەیدا 6 کچیان هەیە و داهاتی ئەم خێزانە تەنیا ئەو 100000 سەد هەزار دینارەی برێمەرە کە پیرەپیاوی ئەم خێزانە بە حەرەسی لە مەکتەبێکدا دەستی دەکەوێ ، جەیران وتی"لەخۆت بپرسە حەوت ژن لەماڵێکا کە یەکێکیشیان تەواونیە بەم جۆرە ئەژین ؟!"



## نەوەیەك هێشتا بۆنی ئەنفالی لیٚ دیٚت

ئەمە پرسیارێکە کەبەرپرسان لەوەلامیدا باس لە پرۆژەکانیان دەکەن ، بەرێوەبەری ناحیە دەڵێت "کێشەی ئاو لێرە چارەسەر بووە، بەدالە تەوابووە و پرۆژەیەکی ئاوەرۆ دەخرێتە جێ بەجێکردنەوە" لەکاتێکدا کەبەبڕوای سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەوێ "گرفتی گەورەی ئەم ناحیەیە ئەوەیە ژمارەی دانیشتوانی لەهی کفری و دەربەندیخان زیاترە کە دوو قەزان ومامەڵەی ناحیەشی لەگەڵ دەکرێت". بەڵام ئازاد لەدانیشتوانی ناحیەکە پێداگری دەکات و دەڵێت" ئێرە تەنیا دێ یەکی گەورەیە و هیچی تر"

لەنێوان ئەم کێشەو گرفتانەدا بابەتێکی گەرم و وروژێنراوی هەژدەیەمین ساڵرۆژی کارەساتە نەتەوەیی یەکە مەسەلەی تەوزیفکردنی ئەنفالە بەو جۆرەی کەپێویستە.

سەلام عەلی لەسەنتەری ئەنفال کە سەرۆکی شارەوانی کەلاریشە وتی"وەك سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوەو تەوسیقکردن سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کرد بەڵێنی دا بینای لیواکە بۆ سەنتەرەکەمان نۆژەن بکرێتەوە وپێداویستیەکانی دابین بکرێت"

ئەو هەموو ساڵە دەڕوات کەهێشتا سەنتەری ئەنفال وەك بیناو هەیکەلیش تازە دەخرێتە پرۆژەوە و شوێنی بۆ نۆژەن دەکرێتەوە ، هەرئەمە ئەو پرسیارە دەوروژێنێ ئایا ئەنفال وەك پێویست لەناوەندە مەعریفی یەکەشدا خوێنراوەتەوە وتەوزیفکراوە، سالار مەحمود سەرنووسەری گۆڤاری وەرزی 88 ی تایبەت بەئەنفال کەپێی وایە هەوڵەکان لەئاستی تەوزیفکردندا نەگەیشتوتە ئاستی (ئیجماعی نەتەوەیی) بەلگەش بۆ ئەوە لای سالار "ئەنفالچی و ئەنفالکراو لەسەر سفرەی ماڵ و گەرەك وشارێك پێکەوەن" سالار وتی"ئاوڕدانەوەی دەسەڵاتی کوردیش لە کەس وکارو کارەساتەکە "لەئاستی گەورەی کارەساتەکەدانیە" بۆیە بەزەروری دەبینێ هەموولا هەوڵەکانیان چرپکەنەوە بۆ تەوزیفکردنی ئەم ناسنامە خوێناوی یەی نەتەوەکەمان"

(مەجید صالح) سەرنوسەری گۆڤاری (الانفال) ی عەرەبیش دەڵێت"ئەگەر رێکخراوی (میدل ئیست وۆچ) و کەنعان مەکیە ئەو بەلگەنامانەیان لەفەوتان نەپاراستباو ئەودیدارانەیان نەکردایە "زەحمەت بوو کورد بیزانیایە ئەنفال چیە ؟!" مەجید بەردەوام دەبێت "پێم وایە سەرکردایەتی کوردو روناکبیرانی کوردیش جگە لەگەرمیانیەکان کەس گرنگی بەئەنفال نادات ، تەماشاکەن لە1988/2/23 دا سەرکردایەتی یەکێتی ئەنفالی کرایە سەرو داگیرکرا کەچی لەو رێکەوتەدا هیچ راگەیاندنێکی ئەو حیزبەش یادەکەی نەکردەوە ، هەرچەندە زۆربەی بەرپرسەکانی ئێستای کەناڵەکانی راگەیاندن هەمان بەرپرسی جارانن ؟!"

ئەنفال یادەوەرییەکی تاڵ وتاریکە کە خوێنێکی زۆری لێ پژاوە ، ئەمە لەسەر دەمێکدا کەگەنجی کورد دێ و رقی خۆی بەسەر( یادگاری) دا دەڕێژێ.

(ئاریان رەئوف) بەرێوەبەری گەرمیان لەوەزارەتی مافی مرۆڤ وئاوارەو ئەنفال وتی "لەدیداری وەفدی فراوانی گەرمیان و سەرۆکی حکومەتدا مۆنۆمێنتی بانی مەقان ویادگاری ئەنفال لەصمود و شۆرش باسیان لێوە کرا" لە ئەمرۆی دەسەڵاتی کوردیدا رەوتی رووداوەکان ئاراستە یەکیان وەرگرتووە ، کەمۆنێمێنت ویادگاری یەکان دەبنەمایەی تورەیی و رق لێ بوونەوە.

(سەیوان) ی گەنجی گەرمیانی لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ پەرلەمانتارێکی گەرمیانی فەرەنجیەکەی ئەنفالی بە (بتەکە) ناوبردبوو .